# زاری ستاندەر لە پەروەردەدا

## «توێژینەوەیەکی شرۆڤەکارییە»

سەلام ناوخۆش بەکر
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

**کورتە**

فـرە دایەلێکتی لە زمـان، وەک زمـانی ئینگلیـزی و زمـانی عـەرەبی خـودی زمـان دەوڵەمـەندتر دەکـات. لێکسیمی دایەلێکتەکان زۆربەی بۆشاییەکانی زمان لە بواری فەلسەفە، کارگێڕی، پەروەردە... تاد پڕ دەکەنەوە.

ئەوەی لە باشووری کوردستان هەیە، ململانێی زار و بن زارەکانی کوردییە، نەک ململانێی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی تورکمانی و سریانی بێت. پەرلەمانی کوردستان و دەستووری کاتی کوردستان دانی بە ڕەسمیبوونی ئەو زمانانەدا ناوە و هەموو زمانەکانی لە (پەروەردە) بە پێی (دەڤەر) جێ کردووەتەوە.

هەر سێ زاری (کرمانجی ناوەڕاست) و (بادینی، بنزاری کرمانجی سەروو) و (هەورامی) بۆ بە دەستهێنانی شوناسی (زاری ستاندەر) لە پەروەردە پێکۆڵ دەکەن، ئەمەش هێندە سیاسییە، زمانەوانی نییە.

ئامادەیی زمان لە کۆمەڵگای کوردی و حوکمڕانی کوردی پێویستییەکی حەتمییە. ئەو ئامادەگییە نە پێوەندی بە ژمارەی ئاخێوەرانی دایەلێکتێکەوە هەیە، نە پێوەندی بە سەروەری مێژوویی دایەلێکتێکی ترەوەیە. هەڵبژاردنی هەر دایەلێکتێک، ڕەتککردنەوەی ئەوانی تر بۆ (پەروەردە) واتای پلە بەندی کۆمەڵایەتی و سەروەری سیاسی ناگەیەنێت، چونکە ئەوانی تریش لە بوارێک لە بوارەکان بەشداری مۆرفۆلۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی دایەلێکتی ستاندارد (زاری ستاندەر) دەکەن.

کە ئاریشە لە نێوان زمانەکانی کۆمەڵگایەکی فرە زمانی هەبوو، ئەوە وەک پرۆفیسۆر جیسیکا بال و پرۆفیسۆر ئەنجیلینا کیۆکۆ پێشبینی منداڵ لە (باخچەی ساوایان) و (خوێندگا) بە زمانی دایک باشتر و چاکتر فێردەبن، بەڵام کە ئاریشەکە لە نێوان زارەکانی زمانێکدا

هەبوو، ئەوە چەندان زاری ستاندەر لە پەروەردەی نەتەوەیەک دروست دەبن و کار لە سەر هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەسازی (نەتەوە دروستکردن) دەکەن.

## چەمکی زاری ستاندەر

لە هەر زمانێکدا زاری ستاندەر و ناستاندەر هەیە. " زاری ستاندەر، یان زاری بە ستاندەرکراو لە لایەن دامودەزگاکانی وڵاتەوە پشتگیری لێ دەکرێت، ئەو پشتگیرییە دامودەزگاییە لەوانەیە خودی حکوومەت بێت کە زارێک لە نێو زارەکانی زمانێک بە زارێکی فۆرم دروست، خودان ڕێزمانی دانسقە، فەرهەنگ پڕ وشە دادەنێت." بۆ نموونە زاری ستاندەر لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی هەیە، سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی: ئینگلیزی ئەمریکی، ئینگلیزی بەریتانی، ئینگلیزی کەندی، ئینگلیزی هیندی، ئینگلیزی ئوسترالی، ئینگلیزی فلیپینی هەموو نموونەن بۆ زاری ستاندەری ئینگلیزی.

پیتەر ترەجیل لە وتاری

English: what it isn't Standard

دەربارەی زمانی ئینگلیزی دەنووسێت: "

If Standard English is not therefore a language, an accent, a style or a register, then of course we are obliged to say what it actually is. The answer is, as at least most British sociolinguists are agreed, that Standard English is a dialect.  Standard English is simply one variety of English among many. It is a sub-variety of English-

ئەگەر ستاندەری ئینگلیزی زمان نەبێ، بنزار نەبێ، شێواز نەبێ، یان ڕیجستەر نەبێ، کەواتە چییە؟ وەرام بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: زۆربەی زمانەوانە سۆسیۆلۆگییەکانی بەریتانیا لە سەر ئەوە کۆکن کە ستاندەری ئینگلیزی دایەلێکتە (نەک زمان) بە سادەیی تەنیا ڤەرایتییەکە لە نێوان چەندانی تر، هەروەها تەنیا ڤەرایتییەکی لاوەکی ئینگلیزییە."

لە نێو کورددا میرنشینێکی زۆر لە شوێنی جیا جیای کوردستان، هەبوونە، زۆربەی میرنشینەکان خاوەنی زاری خۆیان بوونە، نەک زمانی سەرانسەری.



شەرەفخانی بدلیسی

لە نێو ئینگلیزیدا زاری ناستاندەریش هەیە، ئەویش وەک زاری ستاندەر خاوەن دانە وشە و ڕێزمان و سێنتاکسی خۆیەتی، بەڵام خودان پشتگیری دامودەزگایی نییە، بۆیە ئینگلیزی ئەمریکی باشوور، ئینگلیزی ئوسترالی ڕۆژئاوا، سکاوس (زاری لیڤەرپول)، تایک... زاری ناستاندەرن"

زاری ستاندەر بەرهەمی فیودالیزمی کوردییە. میرنشین لە دەڤەرە جیاوازەکانی وڵات، وەک میرنشینی بابان، سۆران، بادینان...تاد. زار و بنزاری دەڤەری خۆی کردووەتە زاری ستاندەری میرنشینەکەی.

ئەو زارەش (بە زۆری) هەژموونی لە دەڤەری قەڵەمڕەوییەکەی میر تێپەڕی نەکردووە.

## زاری ستاندەری کوردی و حوکمڕانی سیاسی و ئەدەبی

زاری کوردی بە دەگمەن زاری کۆمەڵایەتین، بەڵکو زیاتر زاری جیوگرافین، ئەو دابەشبوونە جیوگرافییەی زارەکان لە حوکمڕانی سیاسی، قوتابخانەی ئەدەبی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

کوردناسە ناودارەکانی وەک ژاپا و مینۆرسکی و ڤاسیل نیکتین...تاد. لە سەر دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی قسەی خۆیان هەبووە.لە نێو

کوردانیش (شەرەفخانی بەدلیسی) و(تۆفیق وەهبی) و(عەبدلڕەحمان زەبیحی) و(شێخ موحەممەدی خاڵ) و(هەژار موکریانی) و(د. جەمال نەبەز) و(د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ) و(عەلائەددین سەجادی) و(میهردادی ئیزەدی) و(د. فوئاد خورشید) و(د.حوسێن محەممەد)...تاد. لە سەر ئەو دابەشبوونە جیوگرافییە ڕای جیاوازیان هەبووە، بۆ نموونە، شەرەفخانی بەدلیسی (١٩٨١، ل ٢٨-٢٩) شەرەفنامەدا دەنووسێت هەر ئەو جیوگرافییە (هۆزی کوردی) دروست کردووە: "هۆزە سەرەکییەکانی کورد لەو بارەوە کە شێوەی ئاخاوتن و هێندێک ئاکار و داب و دەستوور و هەڵسوکەوتیان لێک جیاوازە. دەکرێن بە چوار بەشەوە:

**یەکەم:** کرمانج

**دووەم:** لوڕ

**سێیەم:** کەڵهوڕ

میهردادی ئیزەدی (٢٠٠٧، ل ٣٨٢) هەم هەردوو دیالێکتی کرمانجی باکوور و کرمانجی ناوەڕاست دەکاتە یەک گرووپە زمان، هەم گۆران و زازا دەگەڕێنێتەوە سەر زمانی پەهلەوی، دیالێکتی لوڕی-یش بە کوردی ناونابات، هەروەک دەنووسێ:"زاراوە کوردییەکان بە سەر دوو گرووپدا دەشکێن: ١-گرووپی کرمانجی: بادینی (کرمانجی ژوورو-باکوور) و سۆرانی(کرمانجی خواروو- باشوور) ٢- گرووپی پەهلەوانی:دیمیلی (زازا) و گۆرانی...تاد." لە پۆلێنەکانی کەمال فوئاد و میهرداد (گۆران و زازا) بە یەک گرووپە زمان دانراون. هەردوو شێوە لە ڕووی جیوگرافیاوە زۆر لە یەک دوورن، بەڵام لە ڕووی (خزمایەتی زمان) لە یەک نزیکن. لە بارەی ئەو لە یەک نزیکبوونە زمانییە، زەبیحی فەرهەنگنووس لە پێشەکی قامووسە کوردی-کوردییەکەی (١٣٦٧، ل ٥٥) دەنووسێت: "لە مەڵبەندی لەهجەی باکووری و ناوەندیی زمانی کوردیدا، دوو دوورگەی زمانی هەن کە سەرەڕای دووری لە یەکتر پیاو بە ئاسانی دەتوانێ، بڵێ: لە ئەسڵا یەکن ئەویش(زازایی)یە لە باکوور و (گۆران)ییە لە ناوەندیدا ئەمەی ئاخریان، زیاتر بە هەورامی ناوی دەرکردووە. لە هەورامانە" د. فوئاد حەمە خورشید، بێجگە لەوەی بنزارەکان لە ڕێگەی پێوەندی زمان بە جیۆگرافییەوە دەباتەوە سەر گرووپە زمانییەکان و شوێنە جیۆگرافییەکان، لە لاپەڕە (٤٠)ی زمانی کوردی و دابەشکردنی جیۆگرافیایی دایەلێکتەکانیدا (١٩٨٥) دیالێکتەکانی کوردی وەک شەرەفخانی بەدلیسی بۆ سەر چوار گرووپە زمان دابەش دەکات:

١-کرمانجیی باکوور: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی ڕۆژاوا.

٢- کرمانجیی ناوەڕاست: موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی.

٣- کرمانجیی باشوور: لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسێنی، کۆهگلۆ، لەک، کەڵهوڕ.

٤- گۆران: گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەڵانی، زازا."

لەو هەموو دایەلێکت و بن زارەدا، قوتابخانەی ئەدەبی دروست بوون، بۆ نموونە لە سەردەمانی میرنشینی ئەردەڵاندا، قوتابخانەی هەورامان دروست بوو، جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕە (٣٢)ی کتێبی (کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد) ئاماژە بەوە دەکات، کە بابا تاهیری هەمەدانی بە شێوەزاری گۆران شیعری هۆنیوەتەوە.

دوای کەوتنی میرنشینی ئەردەڵان، قوتابخانەی ((هەورامی))یش ڕووی لە کزی کرد، دوای دامەزراندنی میرنشینی بابان، قوتابخانەی ئەدەبی بابانی بە دوای خۆیدا هێنا و بووە هۆی تەشەنەکردنی زاری(کرمانجی ناوەڕاست).

دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبی (بۆ زمان) و کەریم شارەزا لە کتێبی (نالی و زمانی یەکگرتووی کوردی، ل١٦)، ئاماژە بەوە دەکەن کە " زمانی شیعری میرنشینی بابان لە سنووری میرنشینی بابان دەرچوو لە سنە و سۆران (هەولێر) و موکریان(مەهاباد) بڵاوبووەوە." و شیعری پێ نووسرا. ئەو هەنگاوە زۆر گرینگ بوو، بەڵام ئەو دیاردەیە تەنیا لە (شیعر) بەتایبەتی شیعری کلاسیکی (شیعری مەلای کوردی) ئامادەیی هەبوو، هەروەها نەیتوانی دەڤەری بادینان بگرێتەوە.

شێخ مەحموود بەرزنجی لە حوکمڕانییەکانی ١٩١٨-١٩٢٤ هەر لە سەر بنیاتی ئەو میرنشینە و قوتابخانە ئەدەبییە، حوکمڕان و شیعری خۆی دارشت: دوای کەمتر لە دوو مانگ لە حوکمڕانی یەکەم ١٩١٨-١٩١٩، بە دروستی لە ٢٨ی دوازدەی ١٩١٨ زاری کرمانجی ناوەڕاستی کوردی کردە زمانی فەرمی و ستاندەری حوکمڕانییەکەی، هەروەها (عومەر مەعرووف)، لە کتێبی

(نوربەخشی)، کە بریتییە لە شیعرەکانی شێخ مەحموود، ٢٠٠٦)شیعرەکانی شێخ بەم زارە دەخاتەڕوو.

ئەو هەوڵە زمانەوانی و سیاسییەی شێخ مەحموود ڕووبەرووی چەندان ڕەخنە بووەوە: عەبدولڕەقیب یووسف ٢٠٠٤ لە ل٣٦ی کتێبی (بەڵگەنامەکانی حکوومەتی شێخ مەحموود) باس لەوە دەکات کە پاش حکوومەتەکانی شێخ مەحموود ١٩١٨ و ١٩٢٢-١٩٢٤ هەڵوەشانەوە زۆربەی منەوەری کوردی لە شێخ کەوتنە تەقە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی(ژیان)، کە شارەوانی سلێمانی ساڵ و نیوێک زیاتر لەو سەردەمە بەدواوە و لە سایەی حوکمی پاشایەتی ئێراقدا دەریکردووە، بە ناهەق کەوتووەتە ناوزڕاندنی شێخ و حکوومەتەکەی، هەروەها هەر لەو ڕۆژنامەیەدا کورتە ڕۆمانی (لە خەوما)ی جەمیل صائیبی، کە ڕەخنەبوو لە حوکمڕانی شێخ، پێش ئەو بە ئەڵقە بڵاوکردووەتەوە، مێجەرسۆن ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی هێنایە سلێمانی بۆ ئەوەی ڕووناکبیری کورد لە شێخ مەحموود دوور بخاتەوە.

بەڵام زاری(کرمانجی ناوەڕاست) تا سەردەمی حوکمی زاتی ١٩٧٠-١٩٧٤ نەیتوانی جێی خۆی لە دەڤەری بادینان بکاتەوە، بەڵام مستەفا بارزانی توانی لەو چوار ساڵەدا زاری ستاندەری کرمانجی ناوەڕاست دەڤەری بادینان ببڕێ و ببێتە " زمانی ستاندەر " لە پەروەردەی زۆربەی باشووری کوردستان. دوای ڕووخانی ئەو حوکمڕانییە، منەوەری چەپی کوردی لە (مستەفا بارزانی)یش کەوتنە تەقە:

مەسعوود عەبدولخالق ٢٠٠٩ لەل١١٦ی کتێبی (ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان) دەنووسێت: "دوای شکستی شۆڕشی میللی ١٩٦١-١٩٧٥ کۆمەڵە ڕایەک سەری هەڵدا گوایە شکستەکە ئەنجامی کوردایەتییەکی کلاسیکی و خێڵەکی تاکڕەوی ئایینی بوو، بەو شێوەیە تەیاری عەلمانی و مارکسی، جێگای ئەو دووەی (کوردایەتی کلاسیکی) و (تاکڕەوی ئایینی) گرتەوە." ڕەوتی مارکسی لە شاخ و شار کەوتە دژایەتیکردنی ئەو دووە. حزبی شیوعی لە ١٩٧٦ و ١٩٧٨ لە (شار)، لە (شاخ)یش کۆمەڵەی مارکسی -لینینی."

دوای هەرەسی ١٩٧٥ و هەرەسی ١٩٨٨، حکوومەتی بەعس لە ١٩٨٩ بەرنامەی دانا لە ١٩٩٠، ٧٠٪ی زمانی کوردی لە ١٩٩١، ٣٠٪ی زمانی کوردی لە نێو ببات، بەڵام شەڕی کوێت - ١٩٩٠، ڕاپەڕینی ١٩٩١ ئەو خەونەی بەعسی زیندە بە چاڵ کرد.

بە واتای، ئەزموونی حوکمڕانی کوردی بریتی بوو لە سەپاندنی زاری ستاندەر بە سەر قەڵەمڕەوی میر نەک هەموو کوردستان، بۆیە زاری ستاندەری کوردی نەیتوانی ببێتە زمانی ستاندەری کوردی، بەڵکو لە ڤارایەتی کوردی مایەوە!

## پەروەردە و گردبوونەوەی کوردی

(پەروەردە) دوا هەنگاوی کوردی باشووره بۆ گردبوونەوە و یەکخستنی کورد، هەروەها هەبوونی (پەروەردەی کوردی!) دوو شت دەگەیەنێت:

١- دەرچوون لە شاخ و نزیکبوونەوە لە میللەت لە شار.

٢-دروستبوونی جۆرێک لە سەرمایەداری.

ئەو دووەش ڕێگەخۆشکەرن بۆ دروستبوونی " زمانی ستاندەر " لە پەروەردە.

(زمانی ستاندەر) زمانێکی ئارتیفیشیەلی (دروستکراوە)، یان زمانی ناو پەروەردەیە، نەک زمانی نەتەوەیی، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای تاکزمانی (نەتەوەیەک)، بەڵام لە کۆمەڵگای فرەزمانی زمانی ستاندەر بۆ کورد ئەوەندە دەبێتە (زمانی نەتەوەیی) لە دنیای (سەرمایەداری) و (شاری) و سنووری (جیۆگرافیایی) و (هۆزەکی) دەبڕێت.

وروژاندنی (زمانی دایک) لە باشوور، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی میرنشینی نەک پێشڤەچوون بەرەو سەرمایەداری شار و توانەوەی جیوگرافیا و هۆز.

چەمکی(زمانی دایک) پەیوەستە بە جۆری کۆمەڵگاوە. لە کۆمەڵگای فرە زمانی و جووت زمانیدا، (زمانی دایک) ناسنامەی نەتەوەیە وەک فارسی - کوردی، تورکی- کوردی، عەرەبی -کوردی، بەڵام لە کۆمەڵگای تاکزمانیدا، (زمانی دایک) هەڕەشە لە خودی (زمانی دایک) دەکات، چونکە نەتەوە پارچە پارچە دەکات، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کورددا، گەر بیرۆکەی زمانی دایک بوروژێنین کورد پارچە پارچە دەکات و دیاردەیەک دروست دەبێت بە ناوی زمانی دایکی سۆرانی، یان بادینی، یان هەورامی! بەمەش دووبارە (زاری ستاندەر) زیندوو دەکرێتەوە.

ئەگەر ئێمە لە بواری (یەکخستنی سیاسی) هیچ ئامانجێکی نەتەوەییمان نەپێکاوە، با لە بواری زمان ئەو

پەکخستنە سیاسییە، ڕاست بکەینەوە.

خەلات مووسا لە لاپەڕە (١٨)ی کتێبی (زمانی نەتەوەیی)، پێناسەکەی پرۆفیسۆری کۆچکردوو محەممەد مەعرووف دەربارەی زمانی نەتەوەیی ئەوها دەگوێزێتەوە:"زمانی نەتەوەیی ئەو زارەی زمانە کە لە سنووری وڵاتێکدا بەکاربێت بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکی مەزن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا:

١- ئارمانجی ئیداری، بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێری، پەروەدەیی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی... تاد.

٢- گەشەکردنی کولتووری هاوبەش.

٣- موکومکردنی گیانی نیشتیمانی و نەتەوەیی تاک.

(ئۆوین هاسەرلی) ناهەقی نییە بڵێت: سەرمایەداری زمانی ئێمە دەگۆڕێت."، هەروەها (نۆرمان فێرکۆلۆ) لە وتارێکدا دەنووسێت:" سەرمایەداری و وشیاری ڕەخنەیی زمان." بەرهەم دەهێنێت (کتێبی نەتەوەسازیی سەلام ناوخۆش). ئەو هۆشیاری نەتەوەییە لە پەروەردە قاڵبێکی ناسیونالیستی وەرگرت و خەسڵەتە عەشائیری و ناوچەگەرییەکانی کاڵ کردەوە.

چنار سەعد ٢٠١٠ لە ل٢٩ی کتێبی (پەروەردە و نەتەوایەتی) دەنووسێت: " هۆشیاریی نەتەوەیی ئەو کاتە دەست دەکات بە گەشەکردن و سەرهەڵدان کە تاکەکانی نێو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بتوانن لە کۆت و بەندی خێڵ و بنەماڵەیی و ئایینی ڕزگاریان بێت و خۆشەویستیان سنووری ناوچە و پێکهاتە لۆکاڵییەکان ببەزێنێ و هەموو نەتەوە بگرێتەوە."

دکتۆر ڕەشاد میران لە ل٢٤٣ی مەعریفەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی نەتەوەییدا دەنووسێت:" هۆشیاریی نەتەوەیی بریتییە لە زانیاری تاکەکان لە بارەی زمان، مێژوو، کولتوور و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان."

ئەفسووس ئەوەی لە باشووری کوردستان هەیە پارادۆکسییەکی پۆلی-زمانەوانییە، چونکە زاری ستاندەر (کە بەرهەمی فیودالیزم)ە لە پەروەدە نەتەوەیی (کە بەرهەمی سەرمایەداریی)ە، بەم جۆرە جووت ستاندەری سەردەمانی میرنشینی کوردی لە پەروەردەی مۆدێرنیزم زیندوو دەکرێتەوە! ئەمەش کارەساتی هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەسازیی (نەیشن بیڵدینگ) لێ دەکەوێتەوە (ناوخۆش، نەتەوەسازیی).

**کارەساتەکانی زاری ستاندەر لە پەروەردە**

زاری ستاندەر لە پەروەردە یەکێک لە هەڵوەشێنەرەکانی (نەتەوەسازی -نەیشن بیڵدینگ)، چونکە نەتەوە بە هۆی دەڤەر، ئایین، مەزهەب، هەژموونی پارتی سیاسی لە یەک جیادەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی نەتەوەی تر لە یەک نەتەوەدا.

لە دوای هەڵوەشانەوەی حوکمڕانی کۆمۆنیستی لە سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، زۆر لە نەتەوەکان لە " ئومەی ئایدیۆلۆژی" جیابوونەوە و دەوڵەتی خۆیان دامەزراند.

بە داخەوە ئەوەی لە یوگسلافیای کۆن ڕووی دا بە هۆی جیاوازی دوو مەزهەب لە ئایینێک (ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیک لە مەسیحییەت)، هەروەها جیاوازی ئایینی (هەردوو مەزهەب لەگەڵ ئیسلام)، زمانی ئەو نەتەوەیە بووە سێ زمان:

**یەکەم، زمانی سربی**

سربەکان لە ساڵی ١٩٨٩ لە ٢٣ ملیۆن یوگسلافیدا نۆ ملیۆن بوون، هەر بۆیە لە کۆتایی هەژموونی شیوعیەتدا، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە مرۆڤێکی سربی مافی ئەوەی هەیە ببێتە سەرۆکی یۆگسلاڤیا.ئەو عەقڵیەتە سەردارییە سربەکانی هان دا بە دەسەڵاتی بۆسنییەکان ڕازی نەبن. ئەرسەدۆکسیەتی صرب وەک ئەرسەدۆکسی ڕووسەکان بوو بە جیابوونەوەی هەموو نەتەوەیەک ڕازی بوون، تەنیا شیشانییەکان نەبێت، سربەکانیش بە دەوڵەتی سەرابیڤۆ ڕازی نەبوون!!

پاش ئەوەی سربەکان گەورەترین ڕووڕەشییان بۆ خۆ تۆمارکرد، دیموکراسیەتی ڕۆژئاواییشیان خستە ژێر گومانەوە، بیریان لە زمانێکی سەربەخۆ کردەوە.

زمانی سربی، کە بە زمانی صرب-کروات ناسراوە، لە کۆمەڵە خێزانە زمانی باشووری سلاڤیکە کە چەند خوشکە زمانێکی هەیە وەک کرواتی، مەکدۆنی، بولگاری.بڕوانە دەیڤید کریستال، چامبەرز و تروجیل، ئاکماجان و ئەوانی تر لە کتێبی (ئیسێنشیەل ئینترۆدەکتەری لینگویستیکس) جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، کە زمانی سربی کچە زمانی ماڵباتە زمانی سلاڤی باشوورییە. لە کتێبی هەدسۆن، دەربارەی زمانی سربی هاتووە:" زمانی سربی و زمانی کرواتی لە یەک دەگەن، هەروەک چۆن دانیمارکی و نەرویجی لە یەک

دەگەن."، هەروەها هەدسۆن فاکتەری ئایین جیاوازی و مەزهەب جیاوازی بە هۆکاری دروستبوونی هەردوو زمان لە یەک زمان دەزانێ، هەروەک لە لاپەڕە (٤٦٤)ی هەمان کتێبی پێشوو هاتووە:" سربی و کرواتی دوو دایەلێکتی یەک زمانن.جیاوازی لە نێوانیاندا بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی ئایینی (سربی-بۆسنایی دوو ئایینی، سربی -کرواتی: ئەرسەدۆکسی -کاسۆلێکی مەسیحیەت) دەگەڕێتەوە کە بووەتە ئەدگاریان، پێشتر یەک زمان لە سۆڤیەتی پێشوو، ئێستا بوونەتە سربی ئەرسەدۆکسی و زمانی کرواتی کاسۆلیکی."ناسیۆنالیزمی سربی لە جیاتی بۆ یەکێتیی نەتەوەیەک کار بکات، لە پەراوێزی ئایین جیاوازی، یان مەزهەب جیاوازی، کار لە سەر یەک هەڵوەشاندنەوەی تاکەکانی نەتەوەیەک دەکات. بۆوەر لە لاپەڕە (٩)ی کتێبەکەیدا دەنووسێت: "شێوەی سربی و کرواتی لەوە دەرچوون وەک دوو دایەلێکتی یەک زمان تەماشابکرێن، بەڵام ڕەوشی سیاسی وەی لێ کردوون، کە بە دوو زمانی سەربەخۆ تەماشا بکرێن." لە نەزەر کریستالدا (٣٥٠) لە دەنووسێت:" هەرچەند سربی و کرواتی هەندێ جیاوازی ستراکچەریان لە نێواندا هەیە و سربی بە سریلیکی و کرواتی بە لاتینی، بەڵام نەدەبوو ببنە دوو زمان.

**دووەم، زمانی کرواتی**

زمانی کرواتی کە بووەتە زمانی ڕەسمی کۆماری کرواتیا.زمانی کرواتی کە هەردەم لەگەڵ زمانی سربیا دێت.هەردوو شێوە پێکەوە دێن. دەیڤید کریستالی نووسەری ئینسکۆپیدیای زمان و زمانەکان لە لاپەڕە (٣٥٠) دەنووسێت:" زمانی سربی -کرواتی ئەندامە لە خێزانە زمانی باشووری سلاڤیک " لە لاپەڕە (٣٥٦)ی هەمان کتێب دەنووسێت:" خێزانە زمانی باشووری سلاڤیک ٣٠ ملیۆن ئاخێوی هەیە، کە لەو شوێنانە هەن: بولگاریا، بۆسنا-هەرزەگۆڤین، کرواتیا، مەکدۆنیا، مۆنتینیگرۆ، سربیا، سلۆڤانیا و هەندێ بەشی یۆنان." زمانی سربی -کرواتی لە ڕووی ئەلفوبێشەوە لە یەک جیاوازن، ئەو دوو شێوەیە وەک کریستال باوەڕی وایە، کە ئەلفوبێ جیاوازی هەڵگری مەدلوولی سیاسی و کولتووری هەیە. کرواتییەکان ئەلفوبێی لاتینی بە کاردەهێنن." ناسیۆنالیزمی سربی بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو زمانە.

بەکارهێنانی زار لە سیستەمی پەروەردەدا فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دروستبوونی زمان لە دایەلێکت، کرواتی پاش لە یەکجیابوونەوە بووە زمانی پەروەردە، قۆناغی سەرەتایی، قۆناغی سەرەتاییش وەک هەردوو پرۆفیسۆر جیسیکا و کریکۆک دەڵێن زمانی دایک لە کۆمەڵگای فرەزمان باشترین زمانی پەروەردەیە بۆ زوو فێربوون، چونکە ئامێری وەرگرتنی زمان لە منداڵ زۆر چالاکە.

**سێیەم، زمانی بۆسنایی**

بۆسناییەکان وەک کرواتییەکان و سربەکان، هەمان زمانی سربی -کرواتی بەکاردەهێنن، جیاوازی بۆسناییەکان لە کروات و سربییەکان تەنیا ئایین جیاوازییە.

لە سێ سیستەمی یەکەمدا زمانی بۆسناییەکان هەر زمانی کروات و سربی و چیاڕەش بوو، ئەوە نەبێ لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی ١٤٦٣-١٨٧٨ بۆسناییە موسڵمانەکان فێری زمانی تورکی و عەرەبیش بووبوون. لە سەردەمی هەژموونی شیوعیەتیش سربەکان وەک کەمایەتییەکی ئۆلیگاری (نۆ ملیۆن لە ٢٣ ملیۆن) دەیانویست حوکمی یۆگسلاڤیا بکەن!

ڕاستە لە باشووری کوردستان خودی کورد کێشەی مەزهەبی و ئایینی نییە، هەر یەک لە شەبەک و فەیلی کێشەی زمانیان لەگەڵ کوردە سونەکان نییە، هەروەها (ئێزیدی) و (کاکەیی -یارسان) کێشەی زمانیان لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان نییە، بەڵام کورد لەگەڵ یەکتر کێشەی سیاسییان هەیە(لە باشوور لە پەنجا ساڵ زیاترە ١٩٦٦-٢٠١٧)، بە جۆرێک کێشەی زمان لە وڵات بووەتە کێشەیەکی سیاسی! خەریکە هەڕەشە لە زمانی کوردی دەکات و دوو زاری ستاندەری کوردی بەرەو جووت ستاندەری دەبات و پرۆژەی نەتەوەسازی هەڵدەوەشێنێتەوە!

## ئەنجام و گەنگەشەکردن
## زمانی ستاندەر، نەک زاری ستاندەر

وەک بینیمان، زاری ستاندەر بەرهەمی میرنشینییە، ئێستاش کورد بیەوێ، یان نەیەوێ بەرەو سەرمایەداری هەنگاو دەنێت. لەم دنیایەی سەرمایەداریشدا زمانی ستاندەر ئامادەیی هەیە. ئەو زمانە لە پەروەردەیە، زمانی کتێبە، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن: باخچەی

ساوایان، سەرەتایی (بنەڕەتی ١-٩)، ئامادەیی، زانکۆیی ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی نەتەوە (نەیشن بیلّدینگ) دەبینێت.

زارەکانی کوردی لە ڕووی لێکسیمۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی ڕۆڵێکی گرینگ لە دەولّەمەندکردنی زمانی ستاندەر دەبینن. ئینگلیز هیچ پێی شەرم نییە، لێکسیمەکانی زمانی داگیرکەر بە بەشێک لە هی خۆی بزانێ، ئێمە چۆن شەرم لەوە بکەین لێکسیمەکانی زارەکانی کوردی بە بەشێک لە زمانی کوردی بزانین.

جۆرج یول لە ل١٨٦-١٨٧ی کتێبی The study of Language " لێکۆڵینەوە لە زمان" باس لەوە دەکات کە ئینگلیز سەردەمانێکی زۆر لە ژێر دەستی قەبیلەکانی(گێرمەنی) و (فەڕەنسی)دا بوون (ماوەی سەدەی پێنج تا سەدەی سێزدە) ئەو داگیرکارییانە وەیان کرد دوو جۆرە وشە لە زمانی ئینگلیزی هاوچەرخدا دروست ببێت: ئەو وشانەی ڕەگی ئاییندارییان هەیە، لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە وشەی تایبەتی ئایینن لە (گێرمەن)وەرگیراون وەک

(angel فریشتە، churchکەنیسە -پەرستگا، -bishopسەرۆکی قەشان، -priestقەشە -، -martyr- شەهید، هەموو لە ئەلّمانی وەرگیراون، چونکە لە ماوەی سەدەی پێنج تا یازدە بەریتانیایان داگیرکردبوو، هەروەها لە سەدەی یازدە تا سێزدە چەندان وشەی حوکمداری و یاسایی و ئەریستۆکراسی لە فەڕەنسی وەرگیراون، چونکە فەڕەنسا، بەریتانیای داگیرکردبوو. لەم ڕوانگەوە وشەی وەک "حکوومەت، یاسا، زیندان، باج...تاد. لە فەڕەنسی وەرگیراون".

م. ڕ. هاوار لە ل٤٠٨ی بەرگی یەکەمی شێخ مەحموودی قارەمان، لە شێخ ڕەئووفی شێخ مەحموود دەگوێزێتەوە کە وشەی (حوکمدار) لای ئێمە نەبیسترابوو، هەندێ جار وشەی حوکمدار بە مانای (مەلیک) لێک ئەدرایەوە." هەر هاوار لە ل٤٠٩ دەنووسێت: دکتۆر جەمال نەبەز ١٩٨٥ یەکێ لەو کەسانە بووە، کە وشەی (حوکمدار) بە (مەلیک) تێگەیشتووە، ئەوەتە لە کتێبی (کوردستان و شۆڕشەکەی) دەنووسێت: "ڕۆژی ٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ لە هەلّبژاردنێکی ئازاددا لە لایەن کوردەوە شێخ مەحموود بە مەلیکی کوردستان هەلّبژێررا."

ڕاستە لە کۆمەلّگای مەلّتی نەتەوە و مەلّتی زمان، وەک کۆمەلّگا تورکیا (لەگەلّ باکووری کوردستان)، کۆمەلّگای ئیران (لەگەلّ ڕۆژهەلّاتی کوردستان)، زمانی دایک بریتییە لە زمانی نەتەوەی جودا. ئەم زمانە گرینگە پەروەردەی تایبەت بە خۆی هەبێ، چونکە منداڵ بە زمانی دایک زووتر و زیاتر فێردەبێ نەک زمانی تورکی، یان فارسی.

پرۆفیسۆر (جیسکا بال) لە توێژینەوەیەک بە ناوی " Children Learn Better in Their Mother Tongue"

دەلّێت:" لە پەروەردەی جووت زمانیی -مەلّتی لینگوەل منداڵ ڕەوانی و فامکردنی وانەکان لە زمانی دایک باشترە، کەچی هەمان ئەدگار لە فێربوون بە زمانی دووەم نایەتەدی."

کراماش ٢٠٠٨لە ل٣ی زمان و کولتوور دەلّێت: "زمان ئامرازێکە کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی." لە لایەکی دیکەوە ڕیچاردز١٩٩٥، ل٩٤ دەلّێت: هەریەک لە بیروباوەڕ، ڕەفتار، ڕەوشت، دابونەریتی کۆمەلّایەتی لەگەلّ کولتووری نەتەوە لە پێوەندی توندوتۆلّدان."

ژینگە و کولتووری منداڵ هاریکارن بۆ ئەوەی منداڵ لە کۆمەلّگای فرەنەتەوە و زماندا بە زمانی دایک بخوێنن. پرۆفیسۆر ئەنجەلینا کیوکۆ لە توێژینەوەیەکی مەیدانی بەناوی: "Why schools should teach young learners in home language- بۆچی پێویستە فێرخوازە گەنجەکان بە زمانی نیشتیمان بخوێنن"دەلّێت: ئەنجامەکان بە بەردەوامی دەریدەخەن کە فێرخوازانی گەنج لە بەکارهینانی زمانی دایک لە پەروەردە سوود دەبینن، نەک زمانی تر-

Findings consistently show that learners' benefit from using their home language in education in early grade years.'

هەر پرۆفیسۆر کیکۆ ئاماژە بە پێوەندی دیالێکتی نێوان ماڵ و قوتابخانە لە پرۆسەی خوێندن دەدات و دەلّێت: "بە کورت و کرمانجی، بەکارهێنانی زمانی ماڵ لە پۆلدا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێوەندیەکی ڕاگوزاری نەرم لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا، ئەمەش تێوەگلینێکی لە پرۆسەی پەروەردە لێوە دەکەوێتەوە)).

In summary, the use of learner’s home language in the classroom promotes a smooth transition between home and school. It

means learners get more involved in the learning process..."

غـــیـــابی زمـــانی دایک لە پەروەردەی باکـــوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای کردووە، منداڵی کورد نامۆ بێ بە زمانی کوردی. ئەو دابڕانە زمانییەی نێوان ماڵ و قوتابخانە لە باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ چەندان ڕۆشنبیری وەک (یەشار کەمال) و (دەرویێشیان)، زۆربەی هەرەزۆری ئەندامە کوردەکانی هەدەپ (پارتێکی شارییە نەک شاخ) دروست کردووە کە نەتوانن وتارێک بە زمانی دایک (کوردی) بنووسن، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە زمـــانی کـــوردی نەیانخوێندووە.

## پوختە

ئەوەی تا **١٩٩٢** لە ئارادابوو جـــۆرەکـــانی زاری ستاندەری کوردی بوو، نەک زمانی ستاندەری کوردی. زاری ستاندەری بەرهەمی کۆمەڵگای فیودالی کوردی بوو، وەک زمانێکی دەقی شیعری و کارگێڕی میرنشین بوو، چونکە خودی (میرنشین) واتای قەڵەمڕەوی میری دەدا، لە میرنشیندا پەروەردە بە فۆرمی ئەمڕۆ غائیب بوو!

حوکمڕانی کوردی لە باشوور وێڕای سیاسی، تووشی پاشاگەردانییەکی زمانەوانی بوو و نەیتوانی نەک ئەزموونی زمانەوانی ١٩٧٠-١٩٧٤ دووبارە بکاتەوە، بەڵکو خۆی بەندەکانی یاسای زمان-سەردەمی پاشایەتی لە سەر خۆی پیادە کرد.

حزبی کوردی نەیتوانی لە پرسی سیاسی شاخ ڕزگاری ببێت (بە فۆرمی شاری درێژە بە هەمان ململانێ دەدات!)، بەمەش باشووری کوردی بەسەر دوو زۆندا دابەش کردووە، تەنیا چارەسەر بۆ کوردی باشوور چارەسەری زمانەوانییە: ئەویش پەیڕەوکردنی (ئینار هۆجین و هەدسن)ـە بەوەی زمانەوانان و حکوومەتدار و خەڵک دەور ببینن لە زارێکی ستاندەر بۆ زمانی ستاندەری لە پەروەردەی کوردی.

زاری ستاندەر لە پەروەردە پاشاگەردانییە، چونکە زاری ستاندەر لە پەروەردە زمانی کوردی پارچە پارچە دەکات، وەک چۆن لە یۆگسلافیای کۆندا ڕووی دا.

## بیبلۆگرافیا

### ١-ژێدەری ئینگلیزی


**1- Akmajian, A.et all 1995. Linguistics:An Introduction to language & Communication, 4th edition.USA.**

**2- Chambers, J.K and Peter Trudgill 2004. Dialectology.Cambridge: Cambridge University Press.**

**3- Crystal, D.1992. An Encyclopedic Dictionary of Language & languages. London: Blackwell publishers.**

**4- Hudson, R.A.1996. Sociolinguistics, second edition. Cambridge:Cambridge University Press.**

**5- Hudson, G.2000. Essential Introductory Linguistics. London: Blackwell publishers.**

**6- Kramschin, C.J. 1998. Language and Culture. Oxford: Oxford University Press.**

**7- Parker, F. and Kathryn Riley.2012. Linguistics for Non-linguistics,Fifth Edition. USA.**

**8- Richards, J.C. 1995. Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. Longman.**

**9- Yule, G.2006. The Study of Language, 3rd edition. Cambridge: Cambridge University Press.**

**-Einar Haugen, The Ecology of Language, Stanford University press, 1972, p. 252**

**-Peter Trudgill, Standard English: what it isn’t, 1978, p.6.**


*** ب. سەرچاوە کوردییەکان لە ناوەوە ئاماژەیان پێکراوە.**